

# برادەر: سینەمای کوردی پێویستە وەک سەرمایە سەیر بکرێت



برادەر کە ئێستا نیشتەجێی وڵاتی هۆڵەندایە دەربارەی کارەکانی= داهاتووی بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن:
کاری نوێم واتە هەمیشە من دەتوانم بەرهەم و کاری نوێم هەبێت ئەگەر بارودۆخ و کات دەرفەتم پێ بدەن، یەکێك لەو کارانەی کە بۆ من مایەی شانازییە و ئێستا خەریکی ئەنجامدانیم لەگەڵ چەندین هونەرمەندی دیکەی کوردستان داستانی (رێرەوە مێژووییەکەی بارزانی نەمرە) بۆ یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، ئەم داستانە موزیك و سەمفۆنیای فۆلکلۆریشی تێدایە و وەك وتم ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی کوردستان لەم داستانە هونەرییەدا بەشدارن لەوانە سەعید گاباری و حەسەن شەریف و کازۆ.
هەر سەبارەت بەم کارە برادەر دەڵێ: هەڵبەستی ئەم داستانە هی شاعیری نەمر پیرەمێردە و شاعیری گەورە بەدرخان سندییە و تا ئێستا بەشێکی ئەم داستانە بە کۆتا هاتووە، ئاوازی منە.ئێستا زۆربەی کارە هونەرییەکانی خۆم راگرتووە و قورسایی خۆم هەمووی خستۆتە سەر ئەو کارە.
برادەر باس لەوە دەکات کە ئەو هەمیشە کاری نوێی هەیە و جگە لەم داستانە بەرهەمی نوێی ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام پێیوایە ئێستا بارودۆخەکە لەبار نییە بۆ

**■ هونەرمەند برادەر لە ساڵی ١٩٥٨ لە گوندی مۆسیکای نزیک شاری ماردین لەدایکبووە و هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ باوکی گۆرانی گوتووە و لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە دەستیکردووە بە موزیکژەنی و لە ساڵی ١٩٧٨ دا یەکەم ئەلبومی خۆی تۆمارکردووە، گشت گۆرانییەکانی برادەر هەڵقوڵاوی هەستێکی رەسەنی کوردایەتین و گۆرانییەکانی گوزارشتێکی راستەقینەی هونەری رەسەنین کوردین لە سەردەمێکدا کە هونەری کوردی ئەگەر فریای نەکەوین ئەوا لە زۆر لاوە مۆرکە رەسەنەکەی خۆی لە دەست دەدات و بە بیانووی پێشکەوتن و مۆدێرنی دەبێتە بەشێك لە کلتوور و هونەری گەلانی تر بێ ئەوەی درکیشی پێ بکرێ، بەڵام هەوڵ و کارەکانی برادەر و چەند هونەرمەندێك وەستانە بەرامبەر بەو شەپۆڵەی کە دەیەوێ هونەری کوردی بشێوێنێت، برادەر جگە لە گۆرانی و موزیك بەشداری لە چەندین فیلمی سینەمایی جیاجیا کردووە لە هۆڵەندا کە هەموویان بە زمانی هۆڵەندین.■**






بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هونەری و لەم بارەیەوە دەڵێ: وەك وتم من تەواوی قورسایی خۆم خستۆتە سەر ئەو داستانەی کە باسم کرد ئەگینا ئێستا بەرهەمم ئامادەیە و لە جیاتی یەك ئەلبووم ئێستا بۆ دوو ئەلبوم گۆرانیم ئامادەیە و هەر کاتێك بمەوێ بڵاوی دەکەمەوە.

هاریکاری کردنی هونەرمەندان لەلایەن دەسەڵاتەوە واتە وەزارەتی رۆشنبیری مەرجی سەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی هەر کارێکی هونەرییە سەبارەت بە بەرهەمە نوێیەکە وەك خۆی دەڵێ کەس هاریکاری نەکردووە و خۆیشی داوای ل هیچ لایەنێك نەکردووە کە یارمەتی بدات بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی داهاتووی و بەرهەمەکانی پێشوویشی و پێشی وایە ئەگەر داوای هاوکاریش بکات رەنگە هاوکاری نەکرێت.

برادەر پێیوایە گرفتەکان هەندێکیان سیاسین نەك تەنیا گرفتی تایبەت بن بە بواری هونەرییەوە و دەڵێ: ئێستا لە کوردستان گرفتی دیکە هەیە و بڵاوکردنەوەی ئەلبوومی هونەرمەندێکی یان هاوکاری کردنی جا بە هەر شێوەیەك بێت ئەمانە گرفتی بچووکن و گرفت و کێشەی زیاتر لە کوردستان هەیە لەوانەی ئەو گرفتانەی ئێستا لە کوردستان هەن لە هەموو بوارێکەوە هەروەها نەیارانی کوردستانیش لە هەموو لایەکەوە لە بۆسەدان بۆ ئەوەی ئەم تەجروبەیە ئەگەر نەتوانن لەناویشی بەرن ئەوا ئاستەنگ لەبەردەمی درووست بکەن جا بە هەر شێوە و رێگایەك بێت، بۆیە دەتوانم بڵێم گرفتەکان هەندێکیان سیاسین و پێوەندیان بە وڵاتانی دراوسێشەوە هەیە، کە دەڵێم لە کوردستان گرفت هەیە، مەبەستم ئەوەیە لە بواری سیاسی بارودۆخەکە تا رادەیەك ئاڵۆزە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ لەبەر کورد لە هەر شوێنێك بێت ئەوا چارەنووسی بەیەکەوە بەستراوە بۆیە هەر گرفتێك لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەبێت راستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو پارچەکانی دیکە وەك گوتم بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە ئاڵۆزە و ناکرێ منیش لەم بارودۆخەدا کە بە تەواوی درکی پێدەکەم چۆنە، هەستم ئەلبوومێك بڵاو بکەمەوە، پێموایە لەم بارودۆخەدا بۆ من بڵاوکردنەوەی ئەلبووم کارێکی گونجاو نییە، چونکە بڵاوکردنەوەی ئەلبوومیش پێویستی بەوە هەیە بارودۆخەك گونجاو و رەخساو بێت بۆ ئەوەی کارێکی سەرکەوتوو پێشکەش بە جەماوەر بکەی.

برادەر لە چەندین فیلمی سینەمایی لە وڵاتی هۆڵەندان بەشداری کردووە و رۆڵی سەرەکیشی هەبووە جۆرێك لە رەشبینی پێوە دیارە سەبارەت بە بارودۆخی سینەمای کوردی و لە بارەی ئەوەی کە سینەمای کوردی لە چ ئاستێکدایە دەڵێ: من ماوەی پازدە ساڵە لە هۆڵەندا لە سینەمای هۆڵەندی بەردەوام کاری سینەمایی دەکەم، ئەگەر شتێك هەبووا بە ناوی سینەمای کوردی ئەوا من دەمتوانی رای خۆمی لەسەر دەرببڕم، راستە ژمارەیەك فیلمی کوردی هەن، بەڵام کێشەی سینەمای کوردی بە چەند فیلمێك چارەسەر نابێ.

برادەری سینەماکار و گۆرانیبێژ وای دەبینێت کە سینەما چەند مەرجێکی هەیە بۆ و دەڵێ: هەر کاتێك ساڵانە ئێمەی کورد توانیمان ١٠-١٥ فیلمی بەرز بەرهەم بهێنین و خەڵك رووی لە هۆڵەکانی سینەما کرد ئەو کاتە دەتوانین بڵێین ئێمە سینەمامان هەیە، چونکە ئەمانە مەرجن بۆ ئەوەی تۆ سینەمای خۆت هەڵسەنگێنی، بەداخەوە لەلایەنی جەماوەر وبینەرەوە ئێستا نە سینەمای کوردی نە تەلەفزیۆنی کوردی وەك پێویست بینەری نییە و ئەگەر هۆڵەکانی سینەما هەشبن ئەوا بەتاڵن.

سەبارەت بە هۆکارەکانی نەبوون یان دواکەوتنی سینەمای کوردی پێیوایە هۆکار زۆرن و لە پێش هەموویشیانەوە نەبوونی وڵاتێکی سەربەخۆی و پارچە پارچە کردنی کوردستانە بەسەر چوار وڵاتی جیا، هەروەها هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی سینەمای کوردی بۆ سەرمایەدارانی کورد دەگەڕێنتەوە و سەرمایەداری کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لە گرنگی سینەما بگەن وەك سەرمایە کە لە هەموو جیهاندا سینەما ئێستا بە هۆکارێکی سەرەکی سەرمایە و بازرگانی دادەنرێت بۆیە پێویستە سینەمای کوردی وەك هۆکارێکی سەرمایە سەیر بکرێت.

ئا/ خەلیل بلەیی

# کچەکەی جیسیکا زیانی گەورە بەگۆڤاری بیبۆل دەگەیەنێت



گۆڤــاری بیبۆل دووچاری زیانێکی گەورەی ماددی بــۆوە بەهۆی بڵاوکردنەوەی وێنەی منداڵێك بۆئەوەی ســەرنجی خوێنەرانی ڕابکێشــێت و لەجیاتی ئــەوەی قازانج بکات و ژمارەیەکی زۆری لێ بفرۆشرێت.

گۆڤــاری ناوبــراو وێنەیەکی کچی خانمە ئەکتەر جیســیکا سیمبســۆنی بەبڕی ٨٥٠،٠٠٠ دۆلار کڕی بۆ ڕاکێشــانی ســەرنجی خوێنەرانی گوایە ئەمە تاکە وێنەی کچی جیسیکایە و خوێنەرێکی زۆر تەنیا لەبەر ئەو وێنەیە گۆڤارەکە دەکڕن و تەنانەت پێشــبینی ئەوەیان کردبوو کە چەندین جار چاپ بکرێتەوە، بەڵام پێشــبینییەکان بەو شێوەیە دەرنەچوو و ئەم وێنەیە سەرنجی خوێنەرانی ڕانەکێشا و وەك هەر وێنەیەکی دیکەی ئاسایی بوو.

شــایەنی وتنە بەر لەمانگێك جیسیکا کچێکی بوو و ئەمەش بەیەکەم کچی دادەنرێت و لەئەریك جۆنسۆنی دەستگیرانیەتی.

# سەرە بڕاوەکەی بوش ئەمریکییەکان تووڕە دەکات



بڕینی سەری جۆرج بوشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا لەزنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی کە لەکەناڵی (ئێچ بی ئۆ) بەناوی (صراع العروش) ئەمریکیەکانی تووڕە و بێزار کرد.

هەرچەنــدە کەناڵەکە لەبەیاننامەیەکدا داوای لێبوردنی لەبینەرانی کرد و ڕایگەیاند کە زۆر جار چەند بەشــێکی لەش بەکار دەهێنێت بۆ ئەو دیمەنانەی زۆر ئاڵۆزن، هەردوو بەرهەمهێنەری کەناڵەکــە دیڤید بینوف و دی بی ویــس لەبەیاننامەکەدا ڕایانگەیاند کە ئەوان درکیان بەگرفتەکە کرد بەتایبەتی دوای بینینی نوســخەی دیڤــی دی و بەکارهێنانی ئەم نوسخەیە تەنیا لەبەر هۆکاری ماددی و هیچ هۆکارێکی سیاسی لەپشتەوە نەبوو.

شــایەنی باســە ئەم زنجیرەیە لەچوارچێوەیەکی مێژوویــی فانتازیدایە و باس لەململانێی حەوت شانشــین دەکات لەژێر ســایەی هەڕەشــەی ناوخۆ و دەرەکی، هەروەهــا باس لەهاتنەوەی مردووەکان دەکات کە مرۆڤ ڕاو دەکەن لەگەڵ هاتنەوەی خێزانێك کە بەدوای سەروەرییەکانی ڕابردوویاندا دەگەڕێن.



# مایکل فرانتی فیستیڤاڵی کەلتورە جیاوازەکانی هەژاند

**شۆخان ئەبوبەکر- تۆرنتۆ، کەنەدا**

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو لە شاری تۆرنتۆ فیستیڤاڵی کەلتورە جیاوازەکانی جیهان بە بەشداری چەندین هونەرمەند و گروپی موزیکی جیهانی لە چەندین وڵاتی جیاجیادا بەڕێوەچوو.

دوای ئاهەنگــی کردنەوەی فیســتیڤاڵەکە و بەخێرهێنانی میوانــان ئاهەنگی گۆرانی دەستپێکرد، سەرەتا هونەرمەندی ناوداری جیهانی مایکل فرانتی جەماوەری ئامادەبووی بــە گۆرانییەکانــی هێنایە جۆش و خرۆش و تا درەنگانی شــەو ئاهەنگەکە، بەردەوام بوو.

فیستیڤاڵی کەلتورە جیاوازەکان ساڵانە لە شارۆ تۆرنتۆ ئەنجام دەدرێت بە بەشداری چەندین گروپی موزیکی ســاز دەکرێت و بۆ ئەم ساڵیش لیژنەی سەرپەرشتی خەڵاتی جۆراوجۆری بەسەر بەشدار و ئامادەبووان‌دا دابەش کرد.

شایەنی باسە مایکل فرانتی شاعیر و موزیکژەن و ئاوازدانەریشە و گروپەکەی بەوە ناسراوە کە هیپ هۆپ تێکەڵ بە ستایلی دیکەی گۆرانی دەکەن لەوانە فانك و ریگی و ئەو شــێوەی جازەی کە بە جازی میللی ناســراوە، و یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە هەمیشەپشــتگیری لە ئاشــتی دەکات لە سەرتاســەری جیهان و کێشە کۆمەڵایەتییــەکان وەك دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ســاڵانە چەندین ئاهەنگــی خێرخوازی بۆ ئەم مەبەستە لە سەرتاسەری جیهان ئەنجام دەدات.

# ئیسلامییەکانی کوێت داوا دەکەن ئوم کەلسوم بکرێتە ئومسوم

بانگخوازێکی کوێتی داوای کرد کە چیتر گۆرانیبێژی کۆچ کردووی میسری ئوم کەلسوم بەو ناوەیە بانگ نەکرێت، بەڵکو پێویستە لەمەودوا ناوی بکرێتە ئومسوم، چونکە ئەو ناوە شایەنی نییە. موبارەك بەزالی کە بانگخوازێکی بەناوبانگی کوێتییە لەپەیجی تایبەتی خۆی لە(تویتەر) ڕایگەیاند کە دەبێ لەمەودوا ئوم کەلسوم بەئومسوم بانگ بکرێت، بەزالی لەم بارەیەوە دەڵێ: ڕاستە سیر لەلایەنی تەندروستییەوە سوودی زۆری بۆ مرۆڤ هەیە، بەڵام لەبەر بۆنە ناخۆشەکەی هەمیشە مرۆڤ بێزار دەکات، بۆیە باشترین ناو بۆ ئەم گۆرانیبێژە کۆچ کردووە ئەوەیە پێی بڵێین ئومسوم.






## مادۆنا ٢٠ سیمکارتی بەکارهێنا

لەدوایین گەشتی هونەری خۆیدا بۆ هەریەکە لەتورکیا و ئیسرائیل و ئیمارات، خانمە گۆرانیبێژی پۆپی ئەمریکی مادۆنا ٢٠ سیمکارتی جیاجیای بەکارهێنا بۆئەوەی بتوانێت بەردەوام پێوەندی لەگەڵ منداڵەکانی هەبێت.

ڕۆژنامەی (دەیلی ستار) لەسەرچاوەیەکی نزیك لەمادۆناوە ڕایگەیاند: یەکێك لەداوا سەیرەکانی مادۆنا لەم گەشتەیدا ئەوە بوو کە پێویستە ٢٠ سیمکارت و هێڵی نێودەوڵەتی جیاجیای بۆ دابین بکەن بۆئەوەی بەردەوام تەلەفۆن بۆ هەرسێ منداڵەکەی (لۆرد و دیڤد و میرسی) بکات و لەئەحواڵیان بپرسێت، جگە لەم داواکارییە مادۆنا هەروەها داوای ئامێرێکی تایبەتی شووشتنی جلوبەرگی بۆ دابین بکەن بۆ ئەوەی جلوبەرگە گرانبەهاکانی تێك نەچن بەهۆی گۆڕینی کەشوهەوا لەم سێ وڵاتە.

سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند مادۆنا حەزی کرد شوێنی حەوانەوەی بەجۆرێك بۆ ڕێك بخەن وەك ئەوەی لەماڵی خۆی بێت، تەنانەت کەلوپەلی ژوورەکانیشی خۆی هەڵیدەبژارد بەتایبەتی ژووری خۆگۆڕین.



## ستیڤانی فەقیە:

# ئێستا سەردەمی گۆرانیی سینگلە



■ بە دەنگی زوڵاڵییەوە توانی خۆشترین وجوانترین وشەو وئاواز پێشکەشی گوێگرانی بکات، هونەرمەندی لوبنانی ستیڤافی فەقیە کە ماوەیەکی نزیك لەمەوبەر توانی میدالیای زێڕینی بەرنامەی ستۆدیۆی هونەر بەدەستبهێنێت ئەمڕۆ بەشێویەکی زۆر لەسەر خۆ و بوێرانە هەنگاو بەرەو ئەو جیهانە قووڵەی هونەر دەنێت و وەکو هونەرمەندێکی پرۆفیشناڵ خۆی بەجیهانی هونەر بناسێنێت .

لەدیمانەیەکی تایبەت بە گوڵان هونەرمەند ستیڤانی فەقیە دووپاتیدەکاتەوە ئەو هەمیشە لە ڕێگەی ڕاستی هونەر بەردەوام دەبێت و سڵاوێکی بێپایانیش ئاراستەی گەلی کورد دەکات و هیواخوازە ڕۆژێك بەدیداری ئەو گەلە شاد ببێت.■

بەیرووت : ڤایان عوّن

* **بەشداریکردنت لەبەرنامەی ستۆدیۆی هونەر چیی پێ بەخشییت؟**

- متمانەیەکی زیاتری پێ بەخشیم و لەوە فێربووم چۆن لەبەردەم کامێرا بوەستم و لەگەڵ گوێگراندا ڕاستەوخۆ گۆرانی بڵێم و شارەزاییەکی باشیشم پەیدا کرد و ئێستا دەزانم چی بۆ دەنگی من باشە و دەگونجێ، بەڵام ئەو پرسەش لە ڕاوێژکاریی کەسانی نزیکیش بەدەر نییە.

* **ئەو بەرنامەیە تەنیا میدالیایەکی زێڕ و چەند ئامۆژگارییەکی پێ بەخشیت، تۆ لێی پەشیمان نیت؟**

- بەپێچەوانەوە من شانازیی پێوە دەکەم و بەهەنگاوی یەکەمی ڕێگای هونەریمی دادەنێم، ئەو هەنگاوەی منی لەڕێگەی ڕاست دانا و ئەوەی ماویشە بەرپرسیارێتیی خۆمە کە بزانم چۆن خۆم وەپێش بخەم.

* **ناکۆکییەکانت لەگەڵ سیمۆن ئەسمەر هۆکارەکەی چی بوو؟**

- با هەموو لایەك لەوە دڵنیا بێت هیچ ناکۆکییەك لەنێوان من و سیمۆن ئەسمەردا نەبووە و ئێمە بەشێوەیەکی دۆستانە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نێوانمان ڕێککەوتین.

* **گوتنی گۆرانیی تاك یاخود سینگل بریاری خۆت بوو یان بەڕێوەبەری کارەکانت؟**

- کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە ئێستا سەردەمی گۆرانیی سینگلە، بەبۆچوونی من ئەوە باشترین ڕێگایە بۆئەوەی بتوانین مافی تەواوی کارەکە بدەین و منیش زۆر متمانەم بە مستەفا فەقیهی بەڕێوەبەری کارەکانم هەیە کە هەمیشە ڕەچاوی بەرژەوەندییەکانم دەکات و هەمیشە لەڕیزی پێشەوەم دادەنێت.

* **گۆرانیی یەکەمت لەبەرهەمهێنانی خۆت بوو لەبەرچی؟ ئایا کەسێك نەبوو متمانەی بەتوانای تۆوە هەبێت؟**

- هۆکارەکە دیارە، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان تەنیا ڕەچاوی بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان دەکەن بۆیە پێویست بوو یەکەمین کارم لەبەرهەمی خۆم بێت ئەگینا تا ئەمڕۆ لەماڵەوە دەبووم و دەبوایە چاوەڕوانی دەستپێشخەریی کۆمپانیایەك بکەم، ئەوەشیان ناکرێ و سوپاس بۆ خوا بەڕێوەبەرێکم دۆزییەوە کە متمانەی بەتوانامەوە هەبێت.

* **گۆرانیی «غیرلی عمری» پێشکەشی کێی دەکەی؟**

- پێشکەشی هەموو ئەو کەسانەی دەکەم کە یارمەتییان دام و گۆڕانکارییان لەژیانی مندا کرد و پاڵپشتم بوون.

* **کام ڕەنگ لەدڵتەوە نزیکە؟**

- ڕەنگێکی تایبەتم نییە، بەڵام زیاتر حەزم لەڕەنگی کلاسیکییە.

* **کام هونەرمەند لای تۆ پلە یەکە و بەپێشەوای خۆتی دادەنێیت؟**

- هونەرمەندی گەورە ماجیدە ئەلرومی.

* **باسی ئەوەت کرد کە تۆ بەدوای گۆرانییەك دەگەڕێیت کە کۆڵەگەکانی سەرکەوتنی تیادابێت، مەبەستت چییە؟**

- من هەمیشە بەدوای ئەو شتانە دەگەڕێم کە ڕاستیی دەنگی من دیاردەخات بەتایبەتی ئەو گۆرانییەی مەقامی زەحمەتی تێدایە، چونکە توانای دەنگم دەردەخات.

* **سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ گۆرانیبێژی گەورەو بەناوبانگ گۆرانیت گوت، بەڵام داوەتی فیستیڤاڵی موازین نەکرایت لەبەرچی؟**

- ڕاستدەکەی لەگەڵ هونەرمەندی وەکو: ئەیمەن زبیب و مەعین شریف و فارس کەرەم و مولحیم زێن گۆرانیم گوت و ئەمەش متمانەمی بەخۆمەوە زیاتر کرد و بەرپرسیارێتیی سەرشانمی قورستر کرد، بەداخەوە دەرفەتی بەشداریکردنم لەفیستیڤاڵی موازین پێنەدرا بەهیوام ساڵی دادێ بەشداریی تیادا بکەم.

* **چ سیفەتێکت هەیە دەتەوێ بیگۆڕیت؟**

- شەرم

* هیچ مەرجێکت بۆ ئەو کەسە هەیە کە دڵت بۆی لێبدات؟

- کە زەنگی دڵ لێیدا هیچ مەرجێك نامێنێت.

* **چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسە دەکەیت کە غەدرت لێبکات؟**

- بۆ خوای گەورەی جێیدەهێڵم، چونکە خوای گەورە پشتیوانی هەموو غەدر لێکراوانە.

* **دەڵێن کە هاتیتە نێو دنیای هونەر دەبێ ناوێکی باش و گونجاو بۆ هونەری خۆت بدۆزیتەوە، تۆ ناوی خۆت گۆڕی؟**

- (دوای زیاتر لەخولەکێك بێدەنگی) ستیڤانی ناوی ڕاستی منە، کاتێك لەبەرنامەی ستۆدیۆی هونەر بەشداریم کرد سیمۆن ئەسمەر داوای لێکردم بیگۆڕم، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی گرێبەستی نێوانمان ناوی خۆم گەڕاندەوە.

* **بیر لەئەنجامدانی ئاهەنگ دەکەیتەوە لە هەولێر؟**

- هیوادارم لەنزیکترین کاتدا بتوانم.

* **چ پەیامێکت بۆ گەلی کورد هەیە؟**

-سڵاوێکی گەرم لەدڵی لوبنانەوە بۆ گەلی کوردی ڕەسەن و هونەردۆست و خۆشەویست.

* **پرۆژەی داهاتوت چییە؟**

-کار بۆ ئامادەکردنی ٢ گۆرانی و وێنەگرتنی ڤیدیۆ کلیپێك دەکەم جگە لەچەند ئاهەنگێك لەدوبەی و قەتەر.

